ئامۆژگاری و رێنمایی بۆ فێرخوازە سەرەتاییەکان (نصائح وارشادات عامة للمبتدئین) :

بەر لە فێرکردنی مەلەوانی بۆ ئەوانەی دەیانەوێت فێری مەلەبن و بەر لەوەی بچنە ناو ئاو پێویستە رەچاوی ئەم ئامۆژگاری و رێنماییانە بکرێت :

1- **ئە نجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ دڵنیابوون لەسەلامەتی دڵ وسیەکان ونەبوونی هیچ نەخۆشیەکی گواستراوەی پێست.**
2- **نەچوونە ناو مەلەوانگەکان بە پێلاوی چەرم و هەر پیلاوێکی تر کە لە دەرەوە بەکارهاتووە.**
3- **شۆردن و نقومکردنی پێیەکان لەئاوی دەرماناو (معقم) پێش چونە حەمام وچونە ناو مەلەوانگە.**
4- **هەندێکی راهێنانی جەستەیی پێش چونە ناو ئاو.**
5- **نەچونەناو ئاو لەکاتێکدا لاشە گەرمدا هاتووە.**
6- **خۆ شۆردنێی خێرا و پاککردنەوەی بنباڵەکان ونێوان پە نجەکانی پێ بەشێوەیەکی باش پێش چونە ناو ئاو.**
7- **جولەی بەردەوام ونەوەستان بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو ئاودا.**
8- **هەرکاتێك هەستت کرد کە موچڕك بەلاشەدا دێت بەهۆی ساردی ئاوەکە وەرە دەرەوەی ئاو.**
9- **وشك کردنەوەی لاشە دوای تەواو بوون لەمەلەوانی وئە نجامدانی هەندێ مەشقی سویدی.**
10- **ئە نجامنەدانی مەلەوانی لەکاتی هەست کردن بەماندووبوون وهیلاکی .**
11- **ئە نجامنەدانی مەلەوانی راستەوخۆ دوای نان خواردن تا دوای (2 -3) کاتژمێر.**
12- **قسە وهات وهاوار نەکردن و داوانەکردنی فریاکەوتن بەبێ هۆ.**
13- **مانەوە لەو شوێنەی کەمامۆستا دیاری دەکات .**
14- **گوێرایەڵی مامۆستا وجێبەجێکردنی رێنماییەکانی.**
15- **نەچونە ناو ئاو پێش ئامادەبوونی مامۆستا.**
16- **نەچونە ناو ئاو مانەوە لەناویدا لەکاتی تاریکیدا.**
17- **تف نەکردنە ناو ئاو بۆ رێگرتن لە بلاوبوونەوەی نەخۆشی.**
18- **خۆ نقوم نەکردن تەنها لەو شوێنانە نەبێ کەقوڵیەکانیان زانراوە تا فێرخواز تووشی زیان نەبێت بەهۆی بەرکەوتنی لاشەی بەبنی مەلەوانگە.**
19- **مەلەوانی نەکردن لەکاتی بوونی برین لەهەر بەشێکی لاشە.**